

# جلوبەرگی هۆشمەند هەستی بەکارهێنەرەکەی دەزانێت

لە داهاتوودا وەك زۆر شتی دیکە جلوبەرگی بەریشمان دەبێتە هۆشمەند و دیجیتالی، جلوبەرگێك نە تەنیا بە ویستی خۆت ڕەنگەکەی دەگۆڕی، بەڵکو خودی جلوبەرگەکە کاتێك دەبینێ بەکارهێنەرەکەی شادە، خۆی ڕەنگی بەرەو ڕەنگێکی شاد دەڕوات و ئەگەر هەست بە خەم و ئازاری بەکارهێنەرەکەی بکات دیسان دەگۆڕدرێت.

کۆمپانیای IBM بەهاوکاری کۆمپانیایەکی دیکە جلوبەرگێکی هۆشمەندیان بەرهەم هێنا، هۆشی دەستکردی جلوبەرگەکە بەشێوەیەکی زیندوو دەتوانی پەیام و هەستی بەکارهێنەرەکەی وەك، شادی، چێژ، سەرسوڕمان و هاندان بگوازێتەوە گۆڕانی بەسەردا بێت.

# کاغەزی ئەلکترۆنی گرافین بەرهەم هات

لە ساڵی ٢٠٠٤دا بۆ یەکەمجار مادەی گراڤین دۆزرایەوە. کە مادەیەکی زۆر ناسکە و لە کاربۆنی تەواو پێکهاتووە، مادەیەك کە لە خانەی کەربۆن دروستکراوە و وەك شانە هەنگوین شەش پاڵویی لەلای یەك هەڵکەوتوون. مادەی گرافین لەگەڵ ئەوەیدا کەم کێشترین مادەیە و بەهێزترین

# ئایفۆن وەک چەکێکی لەیزەری سوودی لێوەردەگیرێت

یارییەکی گرنگ هەیە بەناوی لەیزەر تاگ (laser tag) لە وڵاتی ئێمە نەناسراوە بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی زۆری پێدەدرێت، لەم یارییەدا یاریکەرەکان بەسەر دوو گروپ دابەش دەبن و هەرکام جلی تایبەت بەخۆیان لەبەر دەکەن، خودی جلەکەش ئەلکترۆنییە، بە چەکێکی لەیزەری بێ مەترسی دەبێت بەرامبەرەکەت بپێکی، شوێنی پێکانی یاریکەرەکان لەسەر جلەکانیان بە

مادەشە تاکو ئێستا کە دۆزرابێتەوە.
زانایانی بواری تەکنەلۆژیا لە وڵاتی چین توانیان لە مادەی گرافین یەکەمین کاغەزی ئەلکترۆنی گرافین بەرهەم بێنن، ئەوە داهاتووی شاشە واتە سکرینی هەموو ئامێرێک دەگۆڕێت و لە راستیدا گۆڕان بەسەر هەموو شتێکی ئەلکترۆنیدا دێنێت. بۆ بەرهەمهێنانی مادەکەش تێچوویەکی ئەوەندەی ناوێت. ئەگەر شاشە لەو مادەیە دروست بکرێت، هەم تەنک دەبن و هەم دەنووشتێنەوە و هەم دژی تەڕبوون و دژی شوخت دەبن..



# چاویلکەیەک کامێرایەکی سەرکەوتووە



ڕۆژنامەنووسی و پێویستت بە هەڵگرتنەوەی فیلم یان وێنە هەیە، بەڵام ئیزنت پێ نادەن یان کات نییە کە کامێراکەت دەربینی، جار هەیە بە شوێنێکدا دەڕۆی دیمەنێك دەبینی کە هەتا کامێراکەت یان کامێرای مۆبایلەکەت دەردێنی دیمەنەکە نامێنێ و چونکە تەنیا چەند چرکەیەك دەخایەنێ.. لەکاتێکی وادا چاویلکەی هۆشمەندی theia PRO گرنگی زۆری هەیە.
چاویلکەکەی گوگلتان بیرماوە پرۆژەیەك کە بە نیوەچڵی وازی لێهێنرا، گوگل ناچار بوو رابگەیەنێ هەتا کاتێکی نادیار واز لەو پرۆژەیە دێنین، ئێستا کۆمپانیایەکی دیکە هەوڵیداوە بە بەرهەمهێنانی چاویلکەی هۆشمەندی ئاماژەپێکراو ئامانجەکەی گوگل بێنێتە دی..
چاویلکەی هۆشمەندی theia pro کامێرایەکی هۆشمەندە و وەك چاوی سێیەم یارمەتیدەری بەکارهێنەرەکەیەتی. گشت وێنەکان لە گۆشەنیگای خۆیەوە تۆمار دەکات. میمۆری ناو کامێراکە ٣٢ گیگابایتە. وێنەکان بە کوالیتی فول ئیچ دی دەگرێت. پێویست ناکات بۆ وێنەگرتن دەستەکانت بەکار بینی، تەنیا بە ئاماژەی چاو... جگە لەوەش چاویلکەکە بە مۆبایلەکەت دەبەسترێتەوە و دەکرێت بە مۆبایلەکەشت کۆنترۆڵی بکەی.



ڕەنگێکی تایبەت دەردەکەوێت، دواتر دەزانرێت کە چەند جارت بەرامبەرەکەت پێکاوە.. ئێستا دەتوانی لەبری چەکە لەیزەرەکە مۆبایلەکەت بەکار بێنی. هەروەك لە وێنەکەدا دەبینین مۆبایلەکە لەسەر ئامێرێك دانراوە کە تیشکی لەیزەر داوێ، بەڵام بەهۆی مۆبایلەکەوە دەزانی چەند جارت بەرامبەرەکەت پێکاوە، چەند جار بە هەڵە هاویشتووتە..

# رزگارکەرە بچووکەکە




دەریا و رووبار بۆ ئەوانەی مەلەی دەزانن یان نازانن هەر مەترسی خۆی هەیە، خۆمان گوێبیستی هەواڵەکان بووین کە لەم دوو ساڵەدا چەند هەزار کەس لە رێگای گەیشتن بە ئەورووپا لە دەریای ئیجەدا خنکان.. جلیقەی تایبەت بە خۆپاراستن هەیە کە ئەگەر کەوتنە ناو دەریا بیان پارێزێ.. ئامێری Kingii کە وەك کاتژمێرێك لە مەچەك دەخرێ، بۆ پاراستنی گیانی مەلەوانەکان دروست کراوە. ئەو ئامێرە بچووکە لە کەمترین ماوەدا کیسەی هەواکەی پڕ دەکات و بەکارهێنەرەکەی لە بن ئاوەوە دەخاتەسەر ئاو.

کارکردی ئەو ئامێرە ئەوەیە بە هەستەوەرەکانی لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەی، ئوکسیجین و قوڵایی ئاو دەزانێت و ئەگەر هێماکان لە حاڵەتی مەترسیدابوون ئەوکات ئۆتۆماتیکی کیسەکەی پڕ هەوا دەبێت...

## گوڵدانێک بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل



مۆبایل و شەحنکردنەوەکەی هەر رۆژە ئامرازێکی نوێ بۆ بەرهەم دێ و رێگایەکی نوێی بۆ دەدۆزنەوە.. شەحنکردنەوە بە خۆر، ئاو، شەکر، ئاگر، با...تاد. نوێترین رێگاش شەحنکردنەوەیە بە گوڵ و گیای باخچە..

گوڵدانێك بەناوی Bioo life بەرهەم هاتوە کە جگە لەوەی وەك گوڵدانێك سوودی لێوەردەگیردرێ، وەك شەحنکەرەوەیەکی مۆبایلیش رۆڵی خۆی هەیە. گوڵدانەکە تەنیا فتۆسێنز «وزەی گیاوگوڵ» شەحنی مۆبایل دەکاتەوە، ئەگەر بیرۆکەی شەحنکردنەوە بۆ «فتۆسێنتێز» سەرکەوتوو بێت، ئیدی دەکرێت لەداهاتوو دارستانەکان جگە لەوەی وەك پاراستنی ژینگەش بن، بکرێت کارەبای پێویستیشیان لێ بەرهەم بێت..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت کاتێك دەمەوێت سایتێکی وەك خەندان یان رووداو یان سایتی دیکە بکەمەوە، لاپەڕەیەك دەکرێتەوە و پرسیار دەکات وەك نیشاندانی وێنە و یان نووسین کە پێی دەگوترێت (کاپچەر) رێگایەك هەیە بۆ دەرباز بوون لە شێوازە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەگەر وێبگەڕی گوگل بەکار بێنی پرۆگرامێکی بچووك هەیە کە پێی دەگوترێت hola کاتێك دایدەبەزێنی هێمایەك لەسەر شریتی وێبگەڕەکە دەردەکەوێت، هەر وڵاتێك لە جیهاندا دیاری بکەی جگە لە عێراق ئەوە تووشی ئەو کێشەیە نابیت.

# نیگەرانی ونبوونی کلیلەکانت مەبە

هەر شتێك کە مرۆڤ لێی بزر دەبێت ناخۆشە، بەڵام هیچ کامیان ناگاتە کلیلی دەرگا و سویچی ئۆتۆمبێل.. تەکنەلۆژیای نوێ هەرچەند بە درەنگەوە بیری لە گۆڕینی کلیل و کیلۆن کردۆتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەستی پێکردووە و کۆمپانیای سامسۆنگ یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا ناوە.




قفلە هۆشمەندەکەی کۆمپانیای ناوبراو بە digital door lock واتە قفلی دیجیتالی دەرگا ناسراوە. ئیدی بۆ کردنەوەی دەرگاکان پێویست بە کلیل ناکات بەڵکو تەنیا لە کۆدی نهێنی و هەستەوەری پەنجە سوود وەردەگری.

جگە لەوەش دەکرێت کلیلیش هەڵبگری، لە هەمووی گرنگترین دەتوانی لە ڕێگای ئەپلکەیشنێکی تایبەتەوە کە لەسەر مۆبایلەکانی سامسۆنگ دادەنرێت دەرگاکان بکەیەوە.




# پرۆگرامێکی مۆبایل بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆ لە یوتیوب

سایتی یوتیوب گەورەترین سایت و ئەرشیڤی ڤیدیۆیە، خودی سایتەکە کارێکی وای نەکردووە کە بتوانی ڤیدیۆیەکان بەبێ پرۆگرام دابەزێنی، هەرچەندە هەم بۆ کۆمپیوتەر و هەم بۆ مۆبایل پرۆگرام و ڕێگاچارەی دیکە هەن بۆ دابەزاندنی فیلمەکان..

یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانی مۆبایل پرۆگرامی SnapTube YouTube Downloader ئەم پرۆگرامە بۆ دابەزاندنی فیلم گرنگی زۆری هەیە، کاتێك پرۆگرامەکە دادەبەزێینە سەر مۆبایل و بیکەوە لە ڕێگای پرۆگرامەکە یوتیوب بکەوە، ئەوکات فەرمانێك نیشان دەدات بۆ دابەزاندنی فیلمەکە، چەندین شێواز هەن بۆ دابەزاندن، بەکارهێەر کامەی مەبەستە و کامە لە گەڵ مۆبایلەکەی دەگونجێ بەمجۆرە دایدەبەزێنێ، جگە لەوەش ئەگەر حەزت نەکرد خودی فیلمەکە دابەزێنی بەڵکو مۆسیقا یان دەنگی فیلمەکەت پێویست بوو ئەوە بەشێکی تێدایە تایبەت بە دابەزاندنی دەنگەکە..




ئەو پرۆگرامە تەنیا ڤیدیۆکانی سەر سایتی یوتیوب دانابەزێنێ بەڵکو لە زۆربەی سایتەکان فیلم دادەبەزێنێ، تەنانەت لەسەر فەیسبووکیش..



# سایتێک بۆ دابەزاندنی وێنە

سایت گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە وێنەی جوان وسەرنج ڕاکێش ببەخشن، بەڵام زۆربەیان بە خۆڕایی نین. بەڵام سایتی http://www.lifeofpix.com/ یەکێکە لەو سایتە سەرکەوتووانە کە تایبەتە بە دابەزاندنی وێنە.. لەم سایتەدا دەتوانی وێنەی زۆر جوان بە کوالیتی زۆر بەرز دابەزێنی بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەکت بچێت.. ئەم وێنانە لە وێبگەڕی گوگلیشدا گیرناکەون، مەگەر خاوەنەکەی ئیزنی دابێت، بەڵام لەم سایتەدا وێنەکان ڕیزبەندی کراون... ئەوانەی کاری دیزاین و گرافیك دەکەن سایتەکە بۆ ئەوان زۆر گرنگە....